بەریتانیا

# حةمةنامة (9) ... سلَيمان عةبدولَلاَ

ئایا پەیوەندی نێوان ڕۆشنبیری و دەسەڵات لەکوردستان دا، لەچ ئاستێکدایە؟ ئایا کامیان هەوڵیداوە جڵەوی ئەویدکە بگرێت و سنور بۆ ئەوی دیکەیان دیاری بکات؟ ئایا ڕۆشنبیری کوردی توانیویەتی ڕێگە لەو پەیوەندیە ناشەرعیە بگرێت کە دەسەڵات دەخوازێت لەگەڵ مەعریفەدا دروستی بکات؟ ئایا ڕۆشنبیری کورد توانیویەتی پەیامی مەعریفیانەی خۆی بەسەربەخۆی و دوور لە گاریگەریە نێگەتیڤەکانی دەسەڵات بنیات بنێ؟ ئایا کامیان توانیویەتی ڕوانینەکانی خۆی لە پڕۆژەی ئەوی دیکەدا بەرجەستە بکات؟ ئایا پەیوەندی نێوان ڕۆشنبیری و دەسەڵاتی کوردی لەکام جۆری پەیوەندی دەچێت، لەو جۆری پەیوەندیەی کە دەسەڵات و ڕۆشنبیری لە خۆرهەڵات یان خۆرئاوا بەرهەمیان هێناوە؟ دەسەڵاتی کوردی دەخوازێت کام جۆری پەیوەندیە پەیڕەو بکات؟ ئایا ڕۆشنبیری کوردی، شێوازی ئەو پەیوەندیە سەپاوەی، کەدەسەڵات ئارەزووی کردووە باوی بکات پەسند کردووە؟ یان خۆی توانیویەتی جۆری ئەو پەیوەندیە دیاری بکات؟ یان شێوازی سێیەمی، بەدیدێکی کوردستانی خولقاندووە؟.

ئایا ڕۆشنبیری ئێمە خاوەنی چ پڕۆژە و قوتانخانەیەکی زانستی ڕەخنەیی‌یە؟ ڕەخنەگرانی ئێمە بەچ میتۆدێکی زانستیانە مامەڵەیان لەگەڵ دەق دا کردووە؟ ئایا ڕەخنەکرانی ئێمە تاچەند توانیویانە، گەمەی مەعریفیانەی خۆیان لەگەڵ دەقدا بکەن؟ تاچەند توانیویانە لایەنە شاراوە و نادیارەکانی بۆ خۆێنەر بخەنە ڕوو کە لەتوانای خۆێنەر، یان چاودێری ئاسایی‌دا نەبووە، پەییان پێبەرێت؟ ئیا بۆچی لەتوانامانندا نەبووە دەقە مێژووی و فکری و ئەو هەموو چیرۆکە تراژیدیانەی لە شۆرش و ڕاپەڕینەکانی کورد کەوتوونەتەوە، بکەینە کەرەسەی دووبارە خولْقاندنەوەیان بۆ ئەوەی مێژوومان بەم شێوەیە زەبوون و چەواشە نەبێت، بۆ ئەوی بەم شێوەیە بیری نەتەوەیمان لە ناو ئایدۆلۆجیای سەپاو و ئایدۆلۆجیای خواستروودا بەلاڕێدا نەبردرێ، بۆ ئەوەی سەرەنجامی زۆربەی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کورد کارەست و مەرگەسات و ئاشبەتاڵ نەبوایە، بۆ ئەوەی ئەوندە گیانی مەرگ دۆستیمان لاپیرۆز نەبوایە، بۆ ئەوەی مارشی ئێمە وەکوو نەتەوەیەک تەنها لەمانەوەدا، ئەگەرچی ئەو مانەیەوە خەڵتانی خوێن و مردنیشمان بێت، بەرجەستە و پیرۆز نەکرابوایە، ڕاستە مانەوەمان گرنگ بووە، بەڵام بۆچی ڕازی بووین بەو جۆری مانەوەو دەرکەوتنەمان، کەوای لێکرووین هەمیشە وەکوو پاشکۆی ئەوانی دیکە دەرکەوین، هەمیشە بە سایکۆلۆژیەتێکی شەرمنانە و کەسایەتیەکی ناتەواو، چ وەکوو تاک چ نەتەوە تەماشای خۆمان بکەین.

من وەڵامی ئەو پرسیارانەی سەرەوە بۆ ئێوەی خوێنەر بەجێدێلم، چونکە پێم وانی‌یە هەموو وەڵامەکان لای منە، پێم وایە لای هەموومانە، ئەوش بەلای منەوە گرنگ نی‌یە وەڵامەکانمان چەند لەیەکتری جیاوازن. چونکە پێم وایە کارەسات لەوەدایە ئێمە لەهەموو شتێکدا لەیەکتری بچێن.

ئەگەر لەڕوانگەی ئەو هەموو لێکچوونە نێگەتیڤەوە سەیری شێواز و میتۆدی ڕەخنەگرانەی کاک حەمە سەعید حەسەن بکەین دەبینین تەنها لەسنوریکی دیاریکراودا خول دەخۆن و ئەوەندە دووبارەو چەند بارە بوونەوە، ئەو ئامانجانەیان نەپێکاوە کە نەک ڕەخنەکەی لەپێناودا گرتووە بەڵکوو لای هەوادارانی ڕەخنەکانیشی هەست ناکرێت کەشتێکی تازەیان لەلایەن نوسەر یان

ڕەخنەگری دڵخوازەوە پێشکەش کراوە، ئاخر لەخوێنەرێکی سادەوە تا چاوذێرێکی بەئاگا ئەوەتا ناتوانێ جیاوازیەکی بچوکیش پەی پێبەرێ هەر لە پاشای عەرشی کەلاوەوە تادەگاتە جەلالینامە و سەرکۆمارنامەکەی ئێستاشی، کام ڕەخنانەی کاکە حەمە، بەئامانجی پیرۆزی ڕەخنە نوسراون کامیان توانیویەتی بەبێ لایەنی و دوور لەمەبەست و ئامانجێکی سیاسی و تاکەکەسی بنیاتنرابن، هەر بۆیە بەمەبەست بووبێ یان لەناهوشیاریەوە، بەقازانجی ڕەخنەو ئاستی گەشەکردنی ڕەخنە نەکەوتوونەتەوە و زیاتر لە ڕقێکی تاکەکەسی ڕۆژهەڵاتی دەچن و لە سەر بنەمای خوێن و تۆڵە ڕۆنرابن. زمان ئەگەر بەگاریگەرترین ڕەگەزەکانی پرۆسەی نووسین بەگشتی و بواری ڕەخنە بەتایبەتی تەماشا بکەین، زۆر بەئاسانی دەگەینە ئەو ڕاستیەی کەتوانای کاکە حەمە چەندە سنورداره لەڕووی بەکارهێنان و مامەڵە لەگەڵ زماندا، لێرەدا مەبەستم ئەوە نیە بڵێم کە کاک حەمە سەعید حەسەن بەکوردیەکی پاراو نانوسێ، بەڵکوو دەمەوێ ئەو ڕاستیە بڵێم کەلەزمانیشدا هەم میانڕەوی هەیە هەم توند ڕەوی، توندڕەوی تەنها لە ئایدۆلۆجیاو سیاسەت و دەسەڵاتدا خۆی نانوێنێ، ئەو زمانەی کاک حەمە سەعید حەسەن پێی دەنووسێ یان دیالۆگی پێ دەکات لەگەل بەرامبەرەکانیدا زمانێکە کەسەرچاوەکەی کلتورێکی ڕۆژهەڵاتیانەی باوکسالارانی پڕ لەتوندوو تیژیە، کە دەخوازێت لە حەوشەیەکی داخراودا هەم پیرۆزی خۆی بسەپێنێ و هەم واش نیشان بدات کە خواوەند هەموو ڕاستیەکانی بەئەو بەخشیووە و بۆی هەیە بەچاوی سوک لە گەڵ ژن و نەوە کۆیللەکراوەکانیدا ڕەفتار بکات، هەر بۆیە كاك حەمە سەعید حەسەنیش لەچەشنی ئەو باوکە ڕۆژهەڵاتیە بەخۆی ڕەوا بینی و لەسەرکۆمارنامەی 9 دا بەدەنگی بەرز پێمانی گووت بە پەرۆشەوە چاوەڕێبین بۆ فەرموودەکانی داهاتووی.

slemanyunes@yahoo. co. uk